# دەتەوێ بچی بۆ ئەوروپا؟ هەڵمەخەڵەتێ!

ئایا هیچ گەشتێکت بۆ بێلاڕوسیا و ڕۆژئاوای ئەوروپا بۆ پێشنیار کراوە؟ ئاگاداری کۆمپانیا گەشتوگوزارە ساختەکارەکان و گروپە ڕێکخراوەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بە، وەک تەڵەیە! لەوانەیە ببی بە قوربانی بەرنامەیەکی نایاسایی کە هیچ دڵنیابوونێک نادات کە تۆ سەرلەنوێ ژیانێک دروست بکەیەوە لە ئەوروپا.

## بە بڕیاردانی سەفەرکردنت بۆ بێلاڕوس ئەم مەترسییانە دێنە پێشەوەت:

- زۆریت لێ دەکرێت بۆ بەزاندنی سنوورەکان بە نایاسایی.
- لە لایەنی بێلاڕوسیاوە تۆ دەچەقیت و هیچ هیوایەکت نابێت بۆ گەیشتن بە یەکێتی ئەوروپاو ئەو پارەیەی خەرجت کردووە لەدەستت دەچێت بەبێ گێڕانەوەی لەلایەن ئەو کەسەی کە گەشتەکەی بۆ دابین کردووی.
- خۆت و خۆشەویستانت دەخەیتە مەترسییەوە.
- چوونت بۆ بێلاڕوسیا هیچ یارمەتیەکت نادات بۆئەوەی بگەیت بە ئەڵمانیا و یاخود هەر وولاتێکی تری ئەوروپی.

ئەوەت لەبیر بێت هیچ کەسێک بەبێ ڕێگەپێدانی یاسایی ناتوانێت سنوورەکانی یەکێتی ئەوروپا ببەزێنێت و ڕێگای پێنادرێت داخیلی هەر هەرێمێکی وولاتی پۆلەندا ببێت.

سنوورەکانی پۆلەندا لەنزیکەوە پڕ کراون لە پۆلیس و ئەفسەرو سەرباز، هەر هەوڵدانێکت بۆ بڕینی ئەو سنوورەو داخل بوونت بۆ ناو ئەم وولاتە بە نا یاسایی ئەوە مانای توندوتیژیە بەرامبەر بە یاسای ئەم وولاتە کە دەکرێ لێکەوتەکانی ئەمانەی خوارەوە بێت:

- بەند کردن.
- تۆمارکردنی ناوت کە لە هەر داهاتویەک ناتوانی جارێکی تر بە هیچ شێوەیەک بچیتەوە بۆ ئەوروپا.

## چوونت بە یاسایی تاکە ڕێگایە بۆ گەیشتن بە پۆلەنداو ئەوروپا.

ئەمە مانای ئەوەیە تاکە ڕێگا بۆ داخیل بوونی پۆلەندا تەنها لە ڕێگەی خاڵی پەڕینەوەی سنوورە کە بە هەموو ڕێنمایی و یاسا داڕێژراوەکاندا تێپەڕیبێت. ئەگەر تۆ پلانت داناوە بۆ کۆچ بۆ پۆلەندا، تکایە ئەم زانیاریەی خوارەوە بخوێنەوە:

### کۆچ بۆ ئیش

بۆ هاتنت بۆ ناوچەی شینگن بە پۆلەنداشەوە، پێویستیت بە ڤیزایە. دەتوانی داواکاری وەرگرتنی ڤیزا پێشکەش بکەیت لە شوێنی چالاکی و ڕاوێژکاری کۆنسوڵخانەی پۆلەندا بەمەرجێک لە وولاتێکی ئەوروپی نەبێت وە بەگوێرەی ئەو شوێنەی خۆت کە لێی دەمینێیەوەو تێیدا دەژیت. لەکاتی داواکردنی وەرگرتنی ڤیزا پێویستە پلانی مانەوەو مەرج و مەبەستی سەردانیکردنەکەت لە پۆلەندا دیاریبکەیت بۆ کۆنسوڵخانە بە پێشکەشکردنی پەڕاوی سەلمێندراوی پێویست وەک (مۆڵەتی ڕێگەپێدانی کار).

### پارێزگاریکردنی نێودەوڵەتی - بۆ قوربانیان و چەوسێندراوان

ئەگەر هاتوو ڕووبەڕوی چەوساندن بویت لە وولاتەکەی خۆت لەسەر نەژادو ڕەچەڵەک، ئایین، بیروڕای سیاسی ، نەتەوایەتی یان بە ئەندام بوونت لەهەر گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو ئەوا دەتوانی داوای مافی پەنابەری بکەیت. لەبیرت بێت هەرکات داوای مافی پەنابەریت پێشکەشکرد (پارێزگاریکردنی نێودەوڵەتی) لە پۆلەندا ناتوانی ڕەتیبکەیتەوەو دووبارە لە وولاتێکی تری ئەوروپی داوا بکەیەوە. بەڵکو کەیسی داواکاریەکەت دەچێتە پرۆسەی بەجێ گەیاندن لەلایەن دەسەڵاتدارانی پۆلەنداوە وە ئەگەر مافی پەنابەرێتیەکەت بەدەست هێنا ئەوکات ئاگاداردەکرێیەوەو کارتی نیشتەجێبوون و مانەوەت لە پۆلەندا پێ دەدرێت.

لەبیرت بێت! ناتوانی بچیتە پۆڵەنداو بە یاسایی لەوێ بمێنییەوە هەتاکو ڤیزای دروستت پێ نەبێت. ئەگەر بە نایاسایی سنووری پۆلەندا ببڕیت ئەوا دەستبەسەر دەکرێی و ناچاردەکرێی ئەوێ جێ بهێڵیت، دواتر لە هەر داهاتویەک ناتوانی جارێکی تر بە هیچ شێوەیەک بچیتەوە پۆلەنداو ناوچەی شنگن بۆ چەندین ساڵ.